# ئەرکەکانی قۆناغی نوێ

## لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا

**ئامادەکردنی**

**حەمە عەلی غەریب**


ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢


**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لەبوارە هەمەجۆرەکاندا.


**ئەرکەکانی قۆناغی نوێ**

**لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا**

**ئامادەکردنی: حەمە عەلی غەریب**

**بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران – سلێمانی . ٢٠١٢**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٠١١) ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ: (٤٠٠٠) دانە**

**ژ. زنجیرە: (٤٢٩)**



www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پێشەکی

سەبارەت بەدوایین گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی جیهانو ناوچەو عیراقو کوردستانو بەمەبەستی تاوتوێکردنی سیاسەتو هەڵوێستو ئەرکەکانی (ی. ن. ك) هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ مەڵبەندەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆبووەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا کەتێیدا چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکی گرنگ سەبارەت بەبارودۆخی هەنوکەیی کوردستانو کاری ئۆرگانەکانی ڕێکخستن دراو میکانیزمی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان گفتوگۆی لەبارەوەکرا، سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەو بڕیارەکانی، بەرنامەی گەرماو گەرم کە بەرنامەیەکی ڕۆژانەی سەتەلایتی گەلی کوردستانە، میوانداریی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لێپرسراوی



مەکتەبی ڕێکخستنی کرد، لەبەر گرنگیی ناوەڕۆکی بەرنامەکەو وەڵامەکانی، کوردستانی نوێ ژمارەکانی (٥٦٥٦- ٥٦٥٧) ڕۆژانی (١٩-٢٠/١٢/٢٠١١ ) بەپێویستی زانی دەقی ئەو چاوپێکەوتنە بڵاوبکاتەوە، ئێمەش وەکو ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران وەکو ئەرکێکی حیزبیو ئۆرگانی بەباشمانزانی لەدووتوێی نامیلکەیەکدا چاپو بڵاوی بکەینەوە، بە ئامانجی ئاشنابوونی زیاتر هەڤاڵانو کادیرانی ڕێکخستن بە سیاسەتو ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی خەباتو تێکۆشانی (ی. ن. ك).

**عادل عەلی**

**سەرەتا لەوەوە دەستپێدەکەین، بۆ دەبێت یەکێتیبوون مایەی شەرەفمەندی بێت و قوربانی بۆ بدەین و خەباتیشی بۆ بکەین؟**

-لەبەرئەوەی یەکێتی خاوەنی رێبازێکی راست و دروست و رێبازی کوردایەتییە، خاوەنی مێژوویەکە کە پڕلەسەروەری و فیداکارییە، خاوەنی دەستکەوتێکە کە شۆڕشێکی هەلگیرساندو بەهیمەتی کۆمەلانی خەلك و لایەنە سیاسییەکانی تریش توانیمان دەستکەوتێکی باش بۆ میللەتەکەمان بەدەست بهێنین و فیدرالیەت بچەسپێنین و عیراقێکی نوێش دروست بکەین و وەکو شەریکێك لەناو عیراق، لەبەرئەو هەموو دەستکەوتانەو ئێستاش یەکێتی بۆتە زەرورەتێك بۆ ئەم قۆناغە کە بتوانێت قۆناغەکە بەرەو باشتر بەرێت و بیکاتە قۆناغی بەڕێوەبردنی ئیدارەو جێبەجێکردنی خواستی میللەتەکەمان و ئاوەدانکردنەوەی ولاتەکەمان و دامەزراندنی سیستمی دیموکراتی و بەرفراوانکردنی مەودای ئازادی و بەدیهێنانی ئەو ئاواتانەی کە نەهاتوونەتە دی لەچوارچێوەی عیراقو لەچوارچێوەی کوردستانی گەورەشمان.



**ی.ن.ك بەشێکی دانەبڕاوە لەو گۆڕانکارییانەی لەعیراق و لەکوردستاندا تێپەڕ دەبن، با سەرەتا بێینە سەر عیراق، بەڕێز مام جەلال ئاماژە بەوە دەکات کە یەکێتی رۆلّی میحوەری هەیە لەعیراقدا، بەتایبەت بۆ لێك نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکان، ئەگەر وردتر ئاماژە بۆ ئەمە بکەین؟**

-یەکێتی هەر لەسەرەتاوە وەکو هێزێکی سەرەکی لەئۆپۆزسیۆنی عیراق بوو، لەدوای رووخاندنی حکومەتی دیکتاتۆری لەعیراق توانی رۆلێکی میحوەری لەگەلّ لایەنەکان دروست بکات و عیراقێکی نوێ بێنێتە کایەوە، ئەم عیراقە نوێیە لەڕووی فکری و لەڕووی دامودەزگاکانییەوە، لەڕووی تێگەیشتنی خەلکەوە، لەڕووی قبولّ کردنی یەکتری، چ شیعە بێت چ سوننە چ کوردو تورکمان و لایەنەکانی تر، ئەم عیراقە نوێیە خەباتی دەوێت، ی.ن.ك لەگەلّ هاوپەیمانی کوردستان رۆلێکی بنچینەییان بینیوە لەبەغدا کە رۆلەکە تا ئێستا تەواو نەبووە، چونکە هێشتا بارودۆخی عیراق ناجێگیرەو هەندێك گۆڕانکاری لەئارادایە وەك ئەوەی سوپای ئەمریکا دەکشێتەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە

لەناوچەکەو لەدەوروبەر هەیە، ئەو جموجوڵانەی کە لەناو عیراق هەیە، ئەمانە هەمووی کاریگەرییان هەیە لەوەی کە دەوری یەکێتی گرنگی زیاتری هەبێت و دەوری یەکێتی بەرەو پێشەوە بچێت و ببێتە ڕۆڵێکی میحوەری، ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئیتر ئێمە پشتی لێ بکەین‌و وابزانین لەعیراقدا دۆخێکی جێگیر هەیەو خەڵك نییە پلانی لەدژ بگێڕێت‌و خەڵك نییە داوای دەستکاری دەستوور بکات، خەڵك نییە هەوڵبدات بۆ ئەو دەستکەوتەی کە بەدەستمان هێناوە وەریگرنەوە، ئاژاوە لەناو وڵاتەکەمان دروست بکەن، لەکوردستان دروستی بکەن‌و هەوڵبدەن ئەو سەردەمانەی کە بەعس لەحوکم بوو جارێکی تر دووبارەی بکەنەوە، ئێستا گۆڕانکاری لەدەوروبەر هەیە، ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەری دەبێت لەسەر عیراق‌و لەسەر کوردستانی خۆمان و لەسەر پارچەکانی تریش.

**باس لەوە دەکرێت کە ی.ن.ك وەك جۆرێك لەزەمانەتی لێ هاتووە، بەهۆی ڕێککەوتننامە سێ قۆڵی‌و چوار قۆڵی‌و پێنج قۆڵییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی عیراق، بۆتە بەشێك لەزەمانەت‌و گەرەنتی**



**بۆ مانەوەی عیراق‌و ئەم جۆرە دیموکراسییەی ئێستا، تاچەند ڕاستە؟**

-جگە لەدەوری یەکێتی، دەوری بەڕێز مام جەلال کە خۆتان دەزانن لەناو عیراق بۆتە دەورێك کە هەموو لایەنەکان بەرز دەینرخێنن و هەموو لایەنەکان بەپێویستی دەزانن، جگە لەدەوری یەکێتی دەبێت ئێمە دەوری هاوپەیمانی کوردستانیش لەبیر نەکەین، دەوری بزووتنەوەکەمان دەوری دەستکەوتەکەمان و تێکۆشان و قوربانی دانمان بۆتە بابەتێك کە لەناو عیراقدا کەس ناتوانێت فەرامۆشی بکات و حسابی بۆ نەکات و لەناو پەرلەمانی عیراق، لەناو حکومەتی عیراق، لەناو دامودەزگاکانی عیراق بۆتە شتێکی بنچینەیی، دروشمی یەکێتیش لەسەردەمی دامەزراندنیەوە و لەسەردەمی سەرەتای شۆڕشەوە ((دیموکراتی بۆ عیراق و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان)) بووە، هەر لەسەرەتاوە لایەنە عیراقییەکە لامان مەبەست بووە، لایەنە عیراقییەکەش بەئاراستەی دیموکراسی و ئازادیی سیاسی، نەك تەنها بەقسە، ئێمە عیراقێکمان دەوێت دیموکراتی بێت کە هەموو لایەنەکان، هەموو نەتەوەکان، هەموو مەزهەبەکان لەسایەیدا

بجەسێینەوەو بتوانین یەکتری قبوڵ کردن و پێکەوەژیان بهێنینە ناو عیراق، ئاوەدانکردنەوە بهێنینە ناو عیراق و عیراقێك لەڕووی ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییەوە دروست بکەین کە رۆڵی خۆی ببینێت کە عیراقیش وا دروستبوو، هەرێمەکەی خۆشمان دەتوانێت لەناو عیراق بمێنێتەوەو رۆڵی خۆی ببینێت، ئێستا دەوری سەرەکی بزووتنەوەکەمان هەر ئەوە نییە ئێمە دۆخی خۆمان بپارێزین و مەسەلەکانی خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین، ئەرکی عیراقیشمان لەئەستۆیە کە تاکە هێزی سەرەکی وەکو عەلمانییەت و مەدەنییەت لەناو پرۆسەی سیاسی عیراق دەور ببینێت هەر لایەنە کوردستانییەکەیە، یەکێتی و پارتی و هەندێك لایەنی تره، لایەنی ئیسلامیشمان هەیە، بەڵام دەوره سەرەکییەکە وایە، جگە لەدەوری عیراق ئەم گۆڕانکارییانەی کە ئێستا لەناوچەکە بەرپا بووە، ئەمەی تریش کە ئێستا دەوره کوردستانییەکەمانە کە چۆن بتوانین مافی خۆمان مسۆگەر بکەین لەڕێگەی ئاشتییەوە، لەڕێگەی سیاسەتەوە، لەڕێگەی گفتوگۆوە، لەڕێگەی دیموکراتی و لەڕێگەی دامەزراندنی دیموکراتی لەو ولاتانەو داننان بەمافی کورددا، یانی ئەوە نییە ی.ن.ك تەنها بلێت ئەرکی یەکێتیبوونمان



هەیە یان ئەرکی کوردستانی عیراقمان هەیە، لەناو عیراقیش دەورمان هەیە، لەدەوروبەر دەورمان هەیە، ئێستا بووینەتە ئەندامی سۆسیال دیموکراتی دنیا، لەوێش ئەرکمان لەسەر شانە سەرەڕای ئەوەی مافمان هەیە، بەڵام ئەمانە هەمووی دەوری یەکێتی زیاد دەکات.

**ئەندام بوون لەناو ی.ن.ك واتە خۆخستنە ژێر کۆمەڵێك ئەرك و پرەنسیپی گەورە، کە ی.ن.ك وەك رۆڵی میحوەری لەو ناوەندانەی کە باسمان کردن ئەرکی گەورە دەخاتە سەر ئەندامەکانی خۆی، دێینەوە سەر کوردستان، ی.ن.ك و کۆبوونەوەکە دیسان باس لەڕۆڵی میحوەری یەکێتی دەکات لەناو پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان و یەکێك لەشەریکە سەرەکییەکان لەحکومدارێتی لەهەرێمی کوردستان و یەکێك لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی پرۆژەی نەتەوەیی نیشتمانی کوردستانە.**

-بەڵێ، لەو کۆبوونەوەی کە کردمان هەڵسەنگاندنی دۆخی خۆمانمان کرد وەکو مەکتەبی رێکخستن و وەکو یەکێتی کە لەساڵی (٢٠١١) چیمان کردووە، چ ئیشێکی

باشمان کردووە کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین و لەسەری بڕۆین و لەوانەیە ئیشێکیشمان کردبێت وەك پێویست نەبووبێ، دەبێت جێبەجێی بکەین و لەوانەیە هەندێك هەڵەو کەموکوڕیشمان هەبووبێت.

ئەوەمان کردە تەوەری سەرەکی کە لەم کۆبوونەوەیە قسەی لەسەر بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەئەرکی سەرشانمان کرا وەکو ی.ن.ك لەناو پرۆسەی سیاسی کوردستاندا کە چ دەورێکمان هەبێت، ئێمە وەکو دروشم و وەکو هەڵسوکەوت داوای چاکسازیمان کردووە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتەکەمان، لەناو دامودەزگاکانی هەرێمەکەمان کە بابەتێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بتوانین دۆخی کوردستان، جێگیربوونی کوردستان، هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، پەیوەندی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات، پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ جەماوەردا، پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ حکومەتو دەوری لەناو حکومەتدا، ئەمانە هەمووی ئەوە دەردەخات کە ی. ن. ك ئەرکی سەرشانی قورستر بۆتەوە و سوك تر نەبووە. ئێمە لەو کاتەدا کە ئەرکمان قورستر بۆتەوە، دەتوانین چی بکەین وەکو رێکخستنەکانی یەکێتی، وەکو کادیرەکانی



یەکێتی، لەو کۆبوونەوەیە تەرکیزمان لەسەر ئەو مەسەلانە بوو.

## وەکو یەکێتی خۆمان
## بەرێکخستن‌وحزبی رەنجدەرانی بیروبازوو دەزانین

**گەڕانەوە بۆ خانووە قوڕەکان، ئەمە یەکێکە لەو دروشمانەی کە هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال زوو زوو بەبیری هەڤالانی (ی. ن. ك) ی دەهێنێتەوە، ئەم واتایە چییەو تاچەند یەکێتی کاری لەسەر ئەم واتایە کردووە؟**

-ئێمە بەحوکمی ئەوەی وەکو یەکێتی خۆمان بەرێکخستنو حزبی رەنجدەرانی بیروبازوو دەزانینو خەباتەکەشمان لەپێناوی سۆسیالیزم بووە، لەپێناوی ئەوە بووە کە دوای ئەوەی وڵاتەکەمان رزگار دەکەین، دوای ئەوەی دیکتاتۆری دەڕووخێنین دیموکراتی دەچەسپێنین، دەبێت عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیو ئاوەدانی بێنینە وڵاتەکەمانو رۆژبەرۆژ بەرەو پێشەوە بچین، ئەوەش بەبێ خەڵکی رەش و

رووت و خەڵکی خانووە قوڕەکانو لادێکان ناکرێت، لەهەڵبژاردنەکانیش هەمیشە ئەو خەڵکە پشتیوان و هێزی لەبن نەهاتووی ی.ن.ك بووە، زۆرینەی جەماوەری یەکێتی بووە، لەسەر شان و بازووی ئەوان توانیومانە خەباتەکەمان بەرەو پێشەوە ببەین و سەرکەوتن بەدەست بهێنین، ناکرێت ئەمڕۆ کە دەسەڵاتمان بەدەستەوەیە ئەوان لەبیر بکەین، دەبێت ئێمە بەردەوام خۆمان بەنوێنەری ئەوان بزانینو کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین، پشتیوانی لەداخوازییەکانی ئەوان بکەین و هەوڵبدەین خزمەتی زیاتریان بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە حزبێك نین تەنها حزبی چین و توێژێك یان لایەنێك بین، ئێمە حزبێکی کوردستانین، ئەرکی ئەمڕۆمان ئەرکێکی میللییە، ئەرکێکی نیشتمانییە، دەبێت بایەخ بەهەموو چینو توێژەکان بدەین، بەڵام سەیر بکەین چ لایەنێك زەرەرمەندترە، چ لایەنێك پشتیوانترە، چ لایەنێك هاوکاری کاتی شۆرش و کاتی خەباتی نهێنی و خەباتی خودی یەکێتی و میللەتەکەمانی کردووە، ئێستا چۆن بتوانین ئێمە هەقیان بۆ بکەینەوە، چۆن بتوانین کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین، داخوازییەکانیان



بهێنینەدی، ئەو خانووە قوڕانەی کە باسی دەکەین مەبەستمان لەهەژارو رەنجدەرانی میللەتەکەمانە.

**ڕەنگە پرسیارێکی گرنگ ئەوە بێت بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی سکرتێری گشتی کە شێوازێکی نوێ لەخەبات لەناو ڕێکخستنەکاندا پیادە بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی حزب لەحکومەت جیاکرایەوە، یان وەك جاری جاران نییە حزب لەناو دەسەڵات بوونی هەبێت، جۆرێکی تر لەخەبات، جۆرێکی تر لەکارکردن دێتە پێشەوە، ئاڕاستەکردن و سزاو پاداشت؟**

-ئێمە خۆمان خاوەنی ئەو دروشمەین کە زۆرجار خەڵك بەهەڵە لێی تێدەگەن، حزبمان لەحکومەت جیاکردووەتەوە، پەیوەندی نێوان حزب و حکومەت ڕێکخراوە بەشێوەیەك کە حزب بتوانێت دەوری خۆی ببینێت و دەسەڵات و حکومەتیش بتوانێت دەوری خۆی ببینێت، بەخەباتی حزب ماندووبونی کادیرەکانی لەدەنگدان و هەڵبژاردندا دەنگی باش بەدەست دەهێنێت، بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنەدەست، دوای ئەوەش حزب کاندیدی خۆی دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی حکومەتەکەی تەشکیل بکات و ئێمە

دەمانەوێت ئەو پەیوەندییە ڕێکبخەین و چۆن ئەو پەیوەندییە ڕێك دەخرێت؟ حکومەت دەسەڵاتی خۆی و ئیشوکاری ڕۆژانەی خۆی چاك بکات و حزبیش دەوری خۆی ببینێت بۆ ئەوەی ئیستسماری دەستکەوتەکانی بۆ جەماوەرەکەی خۆی دەستەبەر بکات، ئێمە لەم ماوەیەدا توانیومانە زۆر شتی تازە بێنینە کایەوە و ناشیشارینەوە.

لەسەرەتاشەوە لەحوکمڕانی خۆمان تازە بووین، مێژوویەکی حوکمڕانی پێشوومان نییە کە حوکمڕانی کردبێت و دامودەزگای حوکمڕانی خۆی دامەزراندبێت، تا لێوەی فێربین و بیکەینە بناغەیەك لەمێژووی کورددا، بەو فەترە زەمەنییە کورتەو بەو دەورەی کە ئێستا هەمانە لەهەرێم ئەوە یەکەمجارە لەمێژووی کوردا شتی وەها دروست بکەین دوای ئەماراتەکانمان، لەگەڵ ئەوەش سەیری حوکمڕانی خۆمان بکەین ڕۆژبەڕۆژ، مانگ بە مانگ، ساڵ بە ساڵ بەرەو پێشەوە چووین، من ناڵێم کەموکوڕیمان نییە، بەلام چەندەها سەروەری و دەستکەوتی باشی بۆ میللەتەکەمان هێناوەتە دی، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئێمە چۆن ئاڕاستەی کادیرەکانمان بکەین، بەو شێوەیە کە ئێمە چۆن بتوانین خزمەتی باشی ئەم میللەتە بکەین، بە چ



شێوەیەك دەتوانین ئەو دەستکەوتانەی هاتوونەتە دی قایمتر بکەین، ئەوەی کە نەهاتووەتە دی چۆن بیانهێنینە دی؟ چۆن متمانە لەلای میللەتەکەمان دروست بکەین و مەبەستی سەرەکیمان لەخەبات خزمەتکردنی میللەتەکە بێت. ی.ن.ك ئامرازێکە بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتی میللەتەکە بکات، ی.ن.ك ئامانج نییە، ماوەیەك لەشاخ بووەو دوای شاخ هاتووینەتە شار، توانیومانە زیاتر خزمەتی بکەین و زەمەنیش ماوە بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر بەرەوپێشەوەی بەرین، دەمێنێتەوە سەرکادیرەکانمان، ئەم کادیرانەی یەکێتی لەناو حزبدا چ دەورێك ببینن، راستە دەبێت ئێمە هەڵسەنگاندنمان هەبێت، ئەو کادیرەی ئیشی باش دەکات دەبێت دەستخۆشی لێ بکەین، ئەوەی کە خراپی کردووە سزای بدەین، ئامۆژگاری بکەین، چ لەناو حکومەت بێت چ لەناو حزب، دەبێت گرنگی بەگەنجان بدەین، گەنجان توێژێکی بەرفراوانن، چۆن بتوانین ئەمانیش بهێنینە ناو پرۆسەی سیاسی، هەرچەندە هاتوونەتە ناو پرۆسەکە، هەندێك خەڵك پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن یەکێتی بێ بەشە لەگەنجان، ئێمە ئامارێکمان هەیە لەناو رێکخستنەکانمان لە (١٧ ساڵ و ١٨ساڵ تا ٣٥)ساڵ

لە (٦٢٪)ی ڕێکخستنەکانمان گەنجە، ئەو ڕێژەیە ڕێژەیەکی زۆرە، گەر سەیری ڕۆژانی ڕێپێوان و ڕۆژانی یادی یەکێتی و یادی ڕاپەڕین بکەین، ئەوانەی کە هاتنە سەرشەقام و زیاتر بوونیان هەبوو لەو چالاکییانەدا گەنجەکان بوون، لەناو یەکێتیدا ئێستا زۆر گەنج بوونی هەیە، لەناو پەرلەمان و لەناو حکومەت و لەناو ڕێکخستنەکانمان و لەناو دامودەزگاکانماندا، بەلام دەبێت پرۆسەکە دەستاودەست پێ بکەین، بەشارەزایی کادیرە کۆنەکانمان، کادیرە خاوەن ئەزموونەکانمان، لەگەڵ ئەم نەوەیە کە دروست بووە دەتوانین پرۆسەکە باشتر بکەین.

حاڵی یەکێتی ئەگەر سەیری بکەین ئەو چالاکییانەی دەیبینین لەبۆنەکانو کاری ڕۆژانە کە چاودێریی دەکەین، یەکێتی بەرەوپێشەوە چووە. ماوەیەك لەوانەیە تووشی شکستێکی کاتیو تووشی ناڕەحەتیو حاڵەتێکی نالەبار بووبێت، بەتایبەتی کاتی ئەو دابڕانەی کە تۆ باسی دەکەیت، هەرچەندە دابڕان نەبوو، ئەوان خەتێکی خۆیانیان گرتۆتەبەرو ئیشی خۆیانیان کردووە، هەرچەندە بێ ئازار نەبوو، هەڵبژاردنی مانگی حەوت برینێکی قووڵ بوو



لەجەستەی یەکێتیدا ئەویش حاڵەتێك بوو کە وەکو جۆرە شکستێك بوو، ئێمە چاوەڕوانی ئەو ژمارەیە نەبووین کە بەرمان کەوت یان هاتەدی، بەڵام دوای ئەوە پێداچوونەوەمان بەڕێکخستنەکانی خۆماندا کرد، پێداچوونەوەمان بەدامودەزگاکانی خۆماندا کرد، دوای ئەوە پلینۆم‌مان بەست، دوای پلینۆم کۆنگرەمان بەست، دوای ئەوەی ئەو سەرکردایەتییە تازەو تەشکیلە تازەیەی هاتەکایەوە سیاسەتێکمان گرتەبەر، بەتایبەتی لەمەکتەبی ڕێکخستن هەندێك سیاسەتمان گرتۆتەبەر، مەڵبەندەکانمان لەچل مەڵبەندەوە کردە (١٤)مەڵبەند، لامەرکەزییەتمان دایە مەڵبەندەکان، خەڵکی شیاومان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵ لەناو مەڵبەندەکاندا ببیننو ئێستا بۆ ساڵی ئایندە مەڵبەندەکانمان ڕاسپاردووە هەر مەڵبەندێك لەسنووری خۆی کۆنفرانسی خۆی ببەستێت، بۆئەوەی بزانێت چ سیاسەتێك بگرێتەبەر، بۆئەوەی زۆرترین جەماوەر بۆلای خۆی رابکێشێت، چ سیاسەتێك بگرێتەبەر ئەو جەماوەرەی کە ڕەنجاوە لەیەکێتی، چۆن ئاشتیان بکاتەوە، چ سیاسەتێك بگرێتەبەر کە قەناعەت بەجەماوەر بکات کە متمانەکەی جارانیان بەیەکێتی ببێتەوە، ڕۆڵی کادیرەکانمان، کادیری ڕێکخستن، کادیری

ڕێکخراوە دیموکراتییەکانمان، کادیری پێشمەرگەمان، کادیری کۆمەڵایەتیمان، کادیری حکومیمان چۆن هەموو بتوانن بەیەکەوە هەماهەنگی بکەنو ڕۆڵی خۆیان ببینن، چۆن بتوانین بایەخ بەگەنج بدەین کە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە، ژنان ڕۆشنبیر بکەین، ئەوەی ئێمە کە تەئکید لەخانووە قوڕەکان دەکەینەوە، لەناو خانووە قوڕەکانیش جیاوازیی هەیە لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر، چۆن ئێمە ئەو حاڵەتە دروستبکەینو بتوانین بۆ ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ بەرەو پێشەوە بچین، لەساڵی (٢٠١٢)دا ئیش دەکەین بۆئەوەی زەمینەسازیی بۆ کۆنگرەی چوار بکەین کە بڕیارە لەساڵی (٢٠١٣) لەیادی دامەزراندنی یەکێتیدا ئەو کۆنگرەیە ببەستین، لەئێستاوە ئیش بۆ ئەوە بکەین، ئەو شێوە ئیشکردنەی ئێستا بەحوکمی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، بەحوکمی گەشەکردنی ئابووری، بەحوکمی گەشەکردنی سیاسی، بەحوکمی دەوروبەرو ئینتەرنێتو عەولەمەو ئەو حاڵەتانەی کە ئێستا لەجیهاندا هەیە، شێوەی ئیشکردنمان نابێت وەکو شێوەی سەردەمی شاخو وەکو شێوەی سەردەمی ساڵەکانی حەفتاو هەشتاو نەوەدەکان بێت، دەبێت شێوەی ڕێکخستنیشمان، پەیوەندیی کردنەکانی ناوخودی یەکێتیشو پەیوەندیی لەنێوان



دامودەزگاکانی یەکێتی بەشێوەیەکی نەرمونیان بێت کە بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەباشترین شێوە جێبەجێ بکات، ئەرکی سەرشانی ئەمڕۆی ئێمە ئەوەیە چۆن بەرنامەی کۆنگرەکەی یەکێتی جێبەجێبکەین، ئینجا ئێمە وەك مەکتەبی سیاسی بەرنامەیەکمان داناوە، ئەو بەرنامەیە ئەوەیە کە هەر مەڵبەندێك ئیشوکارەکانی خۆی ئەنجامبدات، سەرەڕای ئەوەش چۆن ئێمە بایەخ بەبواری فیکریش بدەین، واتا ئەو بیروباوەڕەی خۆمان، ئەو بیروباوەڕی کوردایەتیو بیروباوەڕی سۆسیال دیموکراتو بیروباوەڕی یەکتری قبوولکردنە بڵاوبکەینەوە، کادرەکانمان چۆن فێر بکەین لەڕووی مەیدانییەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، لەڕووی فیکریشەوە چۆن بەهێزیان بکەین.

بڕیارمان داوە خولێکی نوێی ڕێبازی نوێ بێنینەکایەوە کە ئێمە بڕیارمان وابوو وەرزیی بێت، بەڵام مام جەلال قەناعەتی پێکردین کە مانگانە بێت، بەو ڕێبازە نوێیە ئێمە زیاتر گرنگی بەمەسەلە فکرییەکان بدەین، ڕێکخستنەکانمان چۆن هاوکاریی یەکتری بکەنو ئێستا شتێك هاتۆتەکایەوە لەوانەیە هەندێك کەس ماندوو بوونو وەکو جاران تاقەتیان نەماوە، چۆن ئەوانە جێگە چۆڵبکەنو

بەشەرەفمەندیی‌و گرنگیپێدان‌و تەقدیرەوە یەکێکی تر بهێنینە شوێنی تێکۆشەرە ماندووەکانمان، ئەوەش لەبیر نەکەین بەرەنج‌و ماندووبوونی ئەوان ئەم دەستکەوتانەی ئەمڕۆ هاتوونەتەدی، بەڵام دەبێت نەوەی تازەش لەبیر نەکەین، ئێمە ئاڵاکە بدەینە دەست ئەوان کە بێنە ناو پڕۆسەکەو خزمەتی میللەتەکەیان بکەن لەڕێگەی (ی.ن.ك)وە، ئێمە وەك مەکتەبی ڕێکخستن بەرنامەیەکمان هەیە، ئەو بەرنامەیە هەمەلایەنەیەو بواری ڕێکخستنی گرتۆتەوە، بواری ئیشکردنی ڕۆژانەی گرتۆتەوە.

## یەکێتی ئێستا لەگۆڕەپانێکدا خەبات دەکات جیاوازە لەگەڵ جاراندا

**زۆر پڕوپاگەندە بۆ یەکێتی دروست دەکرێت، زۆر قسە لەسەر ی.ن.ك دەکرێت، بەتایبەتی لەڕاگەیاندنەکاندا، جاران دەوترا تابووری پێنجەم، بەڵام ئێستا ڕژێمی بەغدا نەماوە، دوا هەواڵ کە سایتەکان بڵاویان کردبۆوە گوایە بەڕێز مام جەلال باری تەندروستی ناجێگیرە، بەڵام پاش چەند سەعاتێك**



**بینیمان بەلیاقەیەکی زۆرەوە سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتی مەکتەبی ڕێکخستنی کرد، ئەندامانی ی.ن.ك چۆن دەبێت لەناو ئەو پڕوپاگەندانەی کە هەن وەك بەڕێزت وتت، بەگیانی یەکتر قبوڵکردن‌و بەرامبەر قبوڵکردن‌و ڕەخنە قبوڵکردن لەناو ئەم هێرشەدا بوەستێتەوەو لەپشت یەکێتی بێت؟**

- یەکێتی ئێستا لەگۆڕەپانێکدا خەبات دەکات جیاوازە لەگەڵ جاراندا، ئێستا ئۆپۆزسیۆن هەیەو دۆخێك هاتۆتە ئاراوە، وەك باسمکرد نەوەیەکی تر دروستبووە کە هی سەردەمی شۆڕش نییەو دنیاش دنیایەکی ترە کە دەبێت بیزانین، بەڵام یەکێتییەکان، کادیرەکانی یەکێتی ئەرکی سەرشانیانە لەخەباتی خۆیان بەردەوامبن‌و ئەرکی سەرشانیانە قەناعەت بەبەرامبەرەکانیان بکەن، واتا خەڵك کە ڕەخنەمان لێ دەگرێت ئەگەر ڕەخنەکەی ڕاستە سەد جار مەمنونی دەبین، ئەگەر ڕەخنەکەی ناڕاستە، دەبێت وەڵامیان بدەینەوە، بەقسەو بەنووسین، بەگفتوگۆ، بەوە دەتوانین خۆمان تازە بکەینەوەو ڕۆژبەڕۆژ بەرەوپێشەوە بڕۆین، ی.ن.ك هێزێك نییە دۆگما بێت،

هەمیشە لەسەردەمی شاخەوە، لەسەردەمی راپەڕینەوە، لە(٢٠) ساڵی رابردوودا کە سەیر دەکەین، ساڵ بەساڵ بەرەوپێشەوە دەچێتو بەردەوام داهێنەر بووە، لەوەی کە قبوڵی واقیعی کردووە، هەندێك کەس هەیە لەواقیعەکە رادەکات، ئێمە کە کاتی خۆی ئەو رووداوەی روویدا لەناوماندا، کە ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیو کادیرە سەرەکییەکانمان یەکێتیان بەجێهێشتو بزووتنەوەیەکیان بۆ خۆیان دروستکرد، ئەوە ئەگەر لایەکی تر بوایە، لەوانەیە بەشێوەیەکی تر مامەڵەی لەگەڵ بکردایە، بەڵام ئێمە بەئاشکرا وتمان ئەمانە رەفیقی ئێمەن، ساڵانێك پێکەوە خەباتمان کردووە، ئێستا رێبازێکی تریان گرتووەتەبەرو قبووڵیان دەکەینو دەتوانین بەیەکیشەوە بژین، واتە ئەوە نییە رەفزی یەکتری بکەینو دوای ئەوە ریزەکانی خۆمانمان رێکخستەوە، هەندێك خەڵك وا تەسەوری دەکرد کە ئیتر یەکێتی تەواو، زۆرجار ئیدیعا دەکەن نەك ئێستا، لەسەردەمانی کۆنیشەوە چەندین جۆر تۆمەت بۆ یەکێتی هەڵبەستراوە، چەندین جۆر تۆمەت بۆ مام جەلالو سەرکردایەتی یەکێتی کراوە، ئەوە یەکێتی هەرماوەو مام جەلالیش، مام جەلال لەسکرتێری حزبێکی چەند سەد کەسییەوە بۆتە سەرۆك کۆماری



عیراق، جێگرەکەی بۆتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مام جەلال بۆتە یەکێك لەجێگرەکانی سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی دنیا، یەکێتی ئێستا هێزێکە لەسەر گۆڕەپانەکە حسابی بۆ دەکرێت. بەڵام خۆ دەبێت لایەنێکیش هەبێت نەیار بێت بەرامبەری، ئینجا جار هەیە قسەی هەق دەکرێت، دەبێت ئێمە لێی عاجز نەبین، جار هەیە قسەی ناهەقیش دەکرێت، نابێت ئێمە بەشتێکی نامۆو ناسروشتی سەیری بکەین، ئەگەر هەق بێت بەبڕوای من میللەت دەتوانێت بڕیاردەر بێتو لەگۆڕەپانەکەش هەر ئەوە نییە کە ئەمڕۆ ئەو دوژمنایەتییەو ئەو قسانە لەسەرمان دەکرێت، زەمەن دەریدەخات، ئێمە زۆرجار وتوومانە باشترین چارەسەر بۆ ناکۆکییەکانو بۆ بیروباوەڕەکان زەمەنە، پێشتریش زۆر قسە هەبوو کە ی.ن.ك هێزێکی وایەو وایە.. زەمەن دەریخست کە یەکێتی هێزێکە توانیی شۆڕشەکە بەرەو پێشەوە بەرێتو دەستکەوتێکی باش بۆ میللەتەکە بهێنێت، زۆرجار وتراوە یەکێتی نامێنێت، مانو نەمانی یەکێتی بەقسەی ئەوان نییە، بەحوکمی ئەو رێبازەیە کە هەیەتی، بەحوکمی ئەو پێگەیەیە کە هەیەتی، دەتوانێت خۆی بیلێت بەهێزبێت یان لاواز بێت.

## یەکێتی بەردەوام دەبێت لەسەر
## ئەو خەباتە بەشێوازی نوێ، بەسەرکردایەتیی نوێ

**دواپرسیار ئەوەیە کە یەکێتیی لەئێستاداو وەك رابردوویو بۆ ئایندەش چۆن دەبێتە قوربانیو فیداکار دەبێت لەپێناوی ئازادییو دیموکراسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا؟**

- یەکێتی هەموو خەباتەکەی لەپێناوی ئازادیو دیموکراسیدا بووە بۆ میللەتەکەیو بۆ وڵاتەکەی، یەکێتی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو خەباتە بەشێوازی نوێ، بەسەرکردایەتی نوێ، بەکۆنگرەی یەك لەدوای یەك کە ئێمە دەتوانین بەو کۆنگرانە خۆمان نوێ بکەینەوەو سیاسەتی تازەش دابڕێژینو هەڵسەنگاندن بۆ ئیشوکارەکانی خۆمان بکەین. من ناڵێم یەکێتی بێ عەیبو عارە، من ناڵێم یەکێتی لەهەموو سیاسەتەکانی (١٠٠٪) هەموو شتەکانی پێکاوە، ئێمە کاردەکەینو هەڵەش دەکەین، بەڵام لەهەڵەی خۆمان ناترسین، سەرکردایەتییەکەمان سەرکردایەتییەکی پێگەیشتوو و حەکیمە، سەرکردایەتییەك نییە کە ئەمڕۆ هاتبێتە کایەوەو تەنها ئەمڕۆ ببینێت، زەخیرەیەکی مێژوویی،



زەخیرەیەکی پڕئەزموونی هەیەو لەگەڵ نەوەی تازە تەعامولێکی باش دەکەین، بەڵێن بەخەڵکی کوردستانیش دەدەین کە ئێمە خزمەتکاری ئەم خەڵکەین، لەپێناوی ئەم میللەتە خەباتمان کردووە، هەر لەپێناوی ئەم میللەتەش خەبات دەکەین و هێزی ئێمە میللەتەکەمانە، سیاسەتی ئێمە خزمەتی میللەتەکەیە، سیاسەتی ئێمە جێبەجێکردنی داخوازیی میللەتەکەیەو لەناو میللەتەکەش خانووە قوڕەکانو ناو هەموو چینو توێژەکانو هەموو ناوچەکانی کوردستان دەبێت ڕۆڵی خۆمان ببینین، بەوەش دەتوانین متمانە بەدەست بهێنین، بەوەش دەتوانین نەهێڵین هەموو ئەو خوێنو ڕەنج و شەهیدو هیلاکییە بەفیڕۆ بڕواتو شانازیش بەوەوە دەکەین توانیومانە بەو خەباتە ئەم دەستکەوتە بهێنینەدی کە ئێستا زۆر لایەن، زۆر خەڵك لەسایەیدا دەحەسێتەوە، شانازیش بەوەوە دەکەین دیموکراسیو ئازادیمان بۆ وڵاتەکەمان هێناو لەگەڵ ئەوەش ئاوەدانیشمان بۆ هێناوە.

## لەبڵاوكراوەكانی

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران ساڵی

(٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني - مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله<br>ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئايين و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشكچی<br>و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٧ | ئـــاین و دەوڵـــەت لەمیـــسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | رۆژنامـــەی کـــوردی گۆڤـــاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکـەکان، ئایندەو ئاسـۆکانی چارەسـەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئاین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبـــدولڕەحمان مونیف و: عوسمـــان حەســـەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست رینان و. کامیـــل محمـــد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٩ | الحـصانة البرلمانيـــة في قـــانون انتخـــاب برلـــان كوردســـتان ـ العراق ومـشروع دسـتور اقلـيم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العـراق و امكانيـة التعـايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنـــەرانی کـــورد لەیەکـــەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنيـــاز ابـــراهيم ميرزويف ت. عن الروسيه: احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگـەی میـدیا لەهەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی ئـەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميـزات النظـام الفـدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ(١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | كورتەیەك لەتاوانەكانی رژێمی عیراق دژی گەلی كورد | ن: نوری تاڵەبانی و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەكردنی سەرمایەداری لەكوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێكردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | كورد گەلێكی بێ دەوڵەت زنجیرە نامیلكەی كورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | ن. د. جین شارپ و. كارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەكوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیكی كوردستان ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموكراسیو بنەماكانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین كازم و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار) ترجمة ومراجعة: د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەی شیعەو سوننە كورتەباسێكی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف كەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو كاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێكخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري ز. هۆشیاری، ذ (٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چییە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئالا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحي في كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی – کوردی) | ئامادەکردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | کورد لەسوریا و ئاوەربایجان و ئەرمەنستان .ز. کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ. (٢) | ن. شترۆهمایەر و ل. یالچین و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |